ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
26
25ی کانونی یەکەم/ دێسەمبەر 2021

# ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی پێنجەمی حزب ! لاپەڕەکانی ( ٥ و ٦ )



## ئاکامی هەڵبژاردنەکانی عێراق چی بەسەرهات؟

موحسن کەریم

ماوەی زیاتر لە دوومانگە هەڵبژاردنەکانی عێراق تەواوبووە، بەڵام تائێستا ئاکامەکانی ڕانەگەیەنراوە. بەپێی بەرنامەی سیاسی بۆرژوازی جیهانی و ناوخۆیی بڕیاربوو هەڵبژاردنەکان کێشەی قەیرانی حکومەت یەکلابکاتەوەو زەمینەی سازدانەوەی دەسەلات و دەوڵەتی عێراق فەراهەم بکات. گوایە خەڵک لەڕێگای دەنگدانەوە ئەم پرۆسەیە بەسەرەنجام دەگەیەنن و دەوڵەتی بنیاتنراوی بۆرژوازی دوای هەڵبژاردن بەرهەمی دەنگدانی خەڵکەو نوێنەرایەتی ئەوان دەکات.

ئەگەرچی ئێمە کۆمۆنیستەکان هەمیشە ئەوەمان بەروونی ڕاگەیاندوە کە دەوڵەتی عێراق، دەوڵەتێک نیە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون دامەزرابێت، بەڵکو دەسەلاتێکی میلیشیایی دامەزراوە لەسەر بنەمای مۆزایکی تائیفی و نەتەوەیی و ئەتنیکی و مەزهەبی کە لەچوارچێوەی فیدراڵیزمی نەتەوەییدا پێکەوە بەستراوەتەوە، ووتوومانە کە هەڵبژاردن و دەنگدان پرۆسەیەکی ناوبەتاڵ و بێمانایەو بەهیچ جۆرێک نوێنەرایەتی ئیرادەی سەربەخۆ و ڕاستەقینەی خەڵکی عێراق ناکات، بەڵام ئەم ڕاستیە لەماوەی دوو دەنگدانی دواییدا بۆ پەرلەمانی عێراق بەبێ هیچ خەوشێک لەلایەن هاوڵاتیانی زەحمەتکێش و بێبەشکراوی عێراقەوە سەلمێنرا. دەنگدانی ساڵی ٢٠١٨ کە ڕێژەی بەشداریکردن لەئاستی عێراقدا ٣٠٪ زیاتر نەبوو، هەروەها دەنگدانی هەڵبژاردنی مانگی ١٠ی ئەمساڵ کە ڕێژەی بەشداری نەکردنی

بۆ لاپەڕە 2



## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەربارەی کۆنگرەی پێنجەمی حزب

ئۆکتۆبەر: لە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی ئەم مانگەدا کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەڕێوە چوو. وەکو بڕیاربوو دەبوایە دووساڵ لەمەوپێش کۆنگرە بگیرێت. هۆکاری دواکەوتنی کۆنگرە چی بوو؟

عوسمان حاجی مارف: کۆنگرە کە باڵاترین دەسەلاتی حزبە لە باری ئوسوڵیەوە پێویستە دوو ساڵ جارێک بگیرێت، ئەوە دەزانین کە کۆنگرەی چوارەمی حزب لە ساڵی ٢٠١٤ بەسترا، تا بەستنی کۆنگرەی پێنج کە دەکاتە نزیک بە حەوت ساڵ. ئەمە حاڵەتێکی نەخوازراو بوو کە نەدەبوو هێندە دوابکەوێت، بەڵام هاوکات چەند هۆکارێک هەبوو بۆ دواکەوتنی کۆنگرە. کە بەشێکی پەیوەندی بە نائامادەیی

بۆ لاپەڕە 3



## گوزەرانی خەڵک و پرسی موچەو خزمەتگوزاریەکان!!

مەهدی ڕەسوڵ

بۆ لاپەڕە 7



## لافاوەکەی هەولێر و بێدەربەستی دەسەلات!

جەمال موحسین

دوالاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی..... ئاكامی هەڵبژاردنەكانی عێراق چی بەسەرهات!؟

خەڵك چ لەسەر ئاستی كوردستان و چ لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی بەجۆرێك بوو كە خودی حزب و لایەنە دەسەلاتدارەكانیش نەیانتوانی چاوی لێ بپۆشن، شكستی یەكجارەكی ئەو بانگەیەشەیەی بۆرژوازی جیهانی و عێراقی راگەیاند كە گوایە دەسەڵات لە عێراقدا لەرێگای پرۆسەیەكی دیموكراسیەوە و لەلایەن خەڵك خۆیانەوە هەڵدەبژێردرێت، دوای ئەوەی كە بۆ دەیان ساڵ لێی بێبەش بوون و لەلایەن دەسەڵاتێكی سەركوتگەری تۆتالیتارەوە حوكمیان دەكرا!

ڕانەگەیاندنی ئاكامی هەڵبژاردنەكان تا ئێستا ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە دەنگدان و هەڵبژاردن هیچ جێگایەكیان نیە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، بەڵكو مەنتقی هێزو چەك و میلیشیا حوكم دەكات و هاوسەنگی هێزی سیاسی و پێگەی هەر هێزە لە ناو دەسەڵات و حكومەتدا بەپێی ئەو پێوانەیە یەكلایی دەبێتەوە. جیاكردنەوەی دەنگەكان و ڕاگەیاندنی ئاكامی دەنگدان كارێكی ئەوەندە سەخت نیە كە چەند ڕۆژو چەند مانگ بخایەنێت! تەكنۆلۆژیای نوێ دەتوانێت لەماوەی چەند كاتژمێرێكدا دەنگدانی سەدان ملیۆن كەس جیابكاتەوەو ئاكامەی ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت جیاكردنەوەی دەنگەكان نیە، بەڵكو ڕێكەوتنی هێزە میلیشاییەكانە لەسەر دابەشكردنی دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا بەپێی هاوسەنگی سیاسی و سەربازی تازەی نێوانیان و پێگەی هەریەكەیان لەناو سیاسەت و كێشمەكێشی نێوان ئەو دەوڵەتانەی كە كاریگەری سیاسیان لەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق هەیە. ئەوە گرێی سەرەكیی دواكەوتنی ئاكامی هەڵبژادنەكانی پەرلەمانی عێراقە.

بەڵام ئەو ڕاستیەی كە هەڵبژاردن و دەنگدان هیچ جێگایەكی نیە لە دیاریكردنی شێوازی دەسەڵاتی عێراق، لەلایەن خەڵكەوە بەئاسانی بەدەست نەهاتوە. خەڵكی عێراق و كوردستان بە ئەزمونی چەندین ساڵ لە بێمافی و هەژاری و برسێتی و نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەتایی و بنەڕەتیەكان و تالانكردنی پاروی دەمی خۆیان و دەوڵەمەندبوونی بەرپرسانی حزبە دەسەلاتدار و چەكبەدەستەكان ئەوەیان بەدەست هێناوە. ئەوان بەنرخی قوربانی بوونی هەزاران كەسیان لە جەنگ و ململانیكانی نێوان دەستەوتاقمە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەكان لەسەر بەشكردنی پۆستی دەسەڵات و سامانی عێراق، بە نرخی لەدەستدانی سەدان كەسیان لە خۆپیشاندان و نارەزاتیەكانیان بۆ داواكاریە سەرەتاییەكانی ژیان و گوزەران بەو ئاكامە گەیشتوون كە دەنگدانی ئەوان تەنها زنجیری بیمافی و هەژاری و برسێتیان ئەستورو توندتر دەكاتەوە، سامانی بەرپرسانی حزبە میلیشاییەكانیش بەرەو ئاسمان هەڵدەكێشێت! هوشیاربونەوەی خەڵكی كرێكار و زەحمەتكێشی عێراق بە مافەكانی خۆیان وناسینی بەرژەوەندیەكانیان لەلایەك و ناسینی ماهیەت و جەوهەری ئەو دەسەڵات و حزبانەی كە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، لەلایەكی ترەوە، ئەو پرۆسەیەی بەئێستا گەیاندوە. بەوەی گەیاندوە كە ئیتر لەجیاتی دەنگدان بەو حزبانە بۆئەوەی خواستەكانیان بۆ جێبەجێ بكەن، خۆیان بێنە مەیدانەوە دژ بەو دەسەڵات و حزبانە و بۆ وەرگرتنەوەی مافەكانیان. ئەم پرۆسەیە پرۆسەی هوشیاربوونەوەی چینایەتی و ناسینی بەرژەوەندیە جیاوازە چینایەتیەكانە لەلایەن خەڵكی كرێكارو زەحمەتكێشی عێراق و كوردستانەوە.

ئەحزابی میلیشایی دەسەڵاتداری عێراق، ئێستا پرۆسەی بنبەستی سیاسی خۆیان بەسەردەبەن. قەیرانی سیاسی و قوڵبونەوەی كێشمەكێشی نێوانیان و بنبەستێكی سیاسی كە تێی كەوتوون، لەناو گێژاوی سیاسی و بێئاسۆییدا قەتیسی كردوون. ئاسۆی دەرچوونیان لەم بنبەست و زەلكاوە سیاسیە لێڵ و نارۆشنە. دەستێوەردانی دەوڵەتانی بۆرژوایی ئەمریكاو ئێران و توركیاو دەوڵەتانی كەنداو.. لەكاروباری عێراقدا لەرێگای پشتیوانی ئەم میلیشیاییانەوە، ئەوەندەی دیكە بارودۆخەكەی ئاڵۆزو سەخت كردوە. هاتنەمەیدانی جەماوەری كرێكارو زەحمەتكێش و بێبەشكراوی عێراق وكوردستان فاكتەرێكی گرنگە لە دروستكردنی ئەو قەیران و بنبەستەی هێزەكانی بۆرژوازی و میلیشیاكانی تێی كەوتوون. هەر ئەو فاكتەرەش دەتوانێ ئەم بنبەست و داخرانەی ئێستا بە قازانجی خەڵك یەكلایی بكاتەوە. ئەگەرچی ئەم فاكتەرەی خەڵك لەئێستادا لە قۆناغی هێوربوونەوەدایە، بەڵام ئەگەری سەرهەڵدانەوەی دوور نیە.

**بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵكی كرێكارو بێبەشی كوردستان بەبێ ڕێكخراوبوون بە سەركەوتن ناگات..ڕێكخراوبوون گرنگترین چەكی دەستی جەماوەرە بۆ گەیشتن بە ماف و بە ئامانجەكانی!**

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەربارەی کۆنگرەی پێنجەمی حزب

حزب و چەند کێشەیەکی ترەوە هەبوو. بۆ ئەو کێشانەش ئەتوانم بڵێم دەورانێک کەسانێک لە رابەری دەورانی پێشو نەریت و پێودانگە رێکخراوەییەکان و بنەماکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریان خستە ژێر پرسیارەوە، بەم جۆرەش، رێکخستنەکانی حزبمان توشی پەرشوبڵاوی بوون و لە حاڵەتێکی چاوەڕوانیدا بوو، بەتایبەتی کە هاوڕێیانێک لەناو حزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریدا جۆرێک ئیدەی پێداچونەوەیان بە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری هێنایە گۆڕێ. دواتریش بەشێکیان لە حزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری چونە دەرەوە و دەرگیر بەکاری مەحفەلی بونەوە، بێئەوەی لەسەر گۆڕینی بۆچونیان لە کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕۆشنکردنەوەی پێویست بدەن. هەروەها ئەو هاوڕێیانە بەشیوەی جۆراو جۆر دەستیان برد بۆ سونەت شکێنی، کە ئەمە کاریگەری لەسەر ریزەکانی حزب داناو هاوکاتیش بووە هۆکارێک بۆ پەرشوبڵاوی. لەلایەکی ترەوە دابەزینی ئاستی ڕۆڵی حزب لە کاری ڕێکخراوەییدا بۆ ڕێکخستنەوەی ریزەکانی، هۆکارێکی ترە بۆ پەرشوبڵاوی ریزەکانی، کە زەحمەت بوو بتوانێت کۆنگرە لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدات، بەڵام ئامادەیی و کارکردنی رابەری حزب بۆ تێپەڕاندنی ئەو کێشەیە و هەوڵدان بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو گرفتانەدا و وەڵامدانەوە بەو هاوڕێیانەی کە دەرگیری سونەتی مەحفەلی و ناپەیگیری لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بوون، توانیمان تا رادەیەک بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ بین و ڕۆشنبونەوەیەک لە نێو ریزەکانی حزب و دۆستانی حزبدا دروست ببێت، هەر بۆیە ئامادەییەکانی بەستنی کۆنگرەمان خستە دەستوری کارەوە و بریارماندا لە سەرەتای ساڵی ۲۰۲۰دا کۆنگرە ئەنجام بدەین، واتە نزیک بە دوو ساڵ بەر لە ئێستا، بەڵام بەداخەوە نەخۆشی کۆرۆنا بووە بەربەستێک، کە ناچار بووین کۆنگرە دوابخەین بۆ کاتێکی گونجاوتر. هەربۆیە پاش کاڵبوونەوەی مەترسیەکانی ئەو نەخۆشیە و بەلەبەرچاوگرتن و پەیرەویکردنی ڕینوێنیە تەندروستیەکان، توانیمان بە سەرکەوتوویی لە ۱۷ و ۱۸ ئەم مانگەدا کۆنگرە ئەنجام بدەین، کە ئەتوانم بڵێم بەجیا لە گرنگی باسە سیاسیەکان و ئینسجامی سیاسی، ئەم کۆنگرەیە ڕێکخستنەوە و توندوتۆڵکردنەوەی زیاتری حزبمان بوو .

**ئۆکتۆبەر: کۆنگرەی پێنجەمی حزب لە هەلومەرجێکی سیاسی زۆر هەستیاردا چ لەئاستی ناوچەکە و عێراق چ لەسەر ئاستی کوردستان، بەرپاکرا، ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و بگرە کۆمەڵایەتی گرنگ لەماوەی نێوان کۆنگرەی چوارەم و کۆنگرەی پێنجەمدا ڕوویداوە، ئایا دەکرێ بە کورتی ئاماژە بە گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانە بکەیت و هاوکات لێکدانەوەی کۆنگرە بۆ ئەو گۆڕانکاریانە و سەرخەتی سیاسەتەکانی داهاتووی حزب دەست نیشان بکەیت کە کۆنگرە لە بەرنامەی کاری خۆیدا داناوە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** کۆنگرەی چوارەمی حزب لەهەلومەرجێکدا بەسترا، کە داعش موسڵی داگیر کرد، هەروەها هاوکاتی کارەساتی شەنگال بوو، کە ئەم رووداو و پێشهاتانە، تەواوی ناوچەکە و عێراق و کوردستانی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە دوای کۆنگرەی چوار ڕووداوەکان لە عێراق و کوردستان و ناوچەکە بەگشتی لە ژێر کاریگەری و ڕێرەوی بەردەوامی ئەو ڕووداوانەدا گرێی خواردبوو، کە بەشێوەیەکی بەرجەستە سیمای ناجێگیری سیاسی، ئەو گێژاوەی بەرجەستە دەکرد کە دەیان ساڵە کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان دەرگیریەتی. لەوانە جەنگی موسڵ لەژێر ناوی شەڕ لە دژی داعش، جارێکی تر وڵاتانی زلهێزی ناوچەکەی لە پێناو بەرژەوەندییە گەورەترەکانی پشت شەری داعش، هێنایەوە ناو گۆرەپانەکە، کە بەهۆیەوە وێرانکارییەکی کەم وێنەی لەشاری موسڵ و دەوروبەری بەدوای خۆیدا هێنا. دواتریش گەورەبوونەوەو سایەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند تا خستنەڕووی ڕیفراندۆم و چۆنیەتی مامەڵە بە رفراندۆم و لەشکرکێشی حکومەتی عێراق بۆ سەر شاری کەرکوک و دەرپەڕاندنی حزبەکانی کوردایەتی و ئاوارەبوونی جەماوەریکی فراوان لە دانیشتوانی کەرکوک سیمایەکی ئەوپەری نەخوازراوی دۆخی سیاسی کوردستان بو لە ساڵی ۲۰۱٦دا .

لە هەمان کاتدا ئەوەی پێویستە زیاتر فۆکەسی لەسەر بکەین، نارەزایەتی جەماوەری بەرفراوانی شاری بەغدا و شارەکانی خواروی عێراق بوو تا ئەو ئاستەی توانی حکومەتی عادل عبدالمهدی هەڵوەشێنێتەوە. هەروەها نارەزایەتیەکانی لوبنان و ئێران لەو رووداوە گرنگانەیە لە نێوان هەردوو کۆنگرەدا دۆخی ناوچەکەی نەخشاندبوو. لەهەمان کاتدا نارەزایەتی جەماوەری خودی شارەکانی کوردستانیش، بە هەر ئاستێک لە پێگەو دەوری ئەو نارەزایەتیانە و بەرزکردنەوەی خواستەکانی کرێکاران و کارمەندان و خوێندکاران... نیشاندانی ڕێرەوی بزوتنەوەیەکە بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی حزبە ناسیۆنالستە میلیشیاکان، بە مانایەک بوونی نارەزایەتی بۆ داخوازی موچە و پێداویستیەکانی ژیان و تەندروستی گرێ خواردوو بە خواستی روخان و رامالینی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوپەیمانانیان. بە یەک مانا لەئێستادا کە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ناوچەکە ئەوەی تیا پێشبینی دەکرێت لە بەردەم ئاڵوگۆڕێکی جدیدایە. بەدوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئاکامی هەردوو جەنگی خەلیجدا کە لە ۱۹۹۱ و ۲۰۰۳دا پێشهات و لە ئەنجامدا داگیرکردنی عێراقی لێکەوتەوە. ئێستا کوردستان و عێراق وناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بەردەم پێشهات و کاریگەری ئەو ڕووداوانەدا

دەبینرێتەوە، کە وڵاتانی زلهێزی دنیا و ناوچەکە لە ئاکامی شەڕو کێشمەکێشی نێوانیان هەلومەرجێکی تازە لە ناوچەکەدا دادەمەزرێتەوە، کاریگەری ڕێڕەوەی ئەم ئاڵوگۆڕە لەسەر کوردستان، هێزە سیاسیەکانی کوردستان و دەسەڵاتەکەیانی خستوتە ناو گێژاوێکی زیاترو بنبەستی سیاسی و قەیرانی دەسەڵاتەوە، بە ئاشکرا ئەو واقعیەتە دەخاتەڕوو، کە دەسەڵاتەکەی پارتی- یەکێتی بنبەستن لەوەڵامدانەوە بە بەخواستەکانی خەڵکی کوردستان و هاوکاتیش ئاسۆی سیاسیان نارۆشن و لە چاوەڕوانیدان. ئەم واقعیەتەش بۆتە هۆکارێک بۆ بەرینبوونەوەی توڕەیی و نارەزایەتی جەماوەری. ئیستا ئەو ڕاستیە بۆ زوربەی خەڵکی کوردستان دەرکەوتووە، کە ئەم دەسەڵاتە نامۆیە بەسەرەتاییترین خواست و داواکاریی و ئارەزوەکانی خەڵکی کوردستان، لە ئازادی و ئەمنیەت و ئارامی و خۆشگوزەرانی و یەکسانی. بەو مانایەی ڕوخانی ئەم دەسەڵاتە بۆتە خواست و ئاواتێکی بەرجەستەی جەماوەری. باسەکانی ناو کۆنگرەی پێنجەمی حزبمان لەلایەک پێداگری و بەرجەستەکردنەوەی هەمان ئەو واقعیەتەی نیشاندا، کە ئیستا کێشەو مەشغەلەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە لە چۆنیەتی خۆئامادەکردن و بەرنامە دارشتندایە بۆ ڕوخانی دەسەڵات و دیاریکردنی ئایندەی سیاسی لە کوردستاندا، لە لایەکی ترەوە هەوڵدانە بۆ هاتنە مەیدان و دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر بەپێی پێوەری سیاسی کۆنگرەی پێنجەم کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بوە، ئایا بەپێ پێوەری ڕێکخراوەیی و ناوخۆیی حزبی دەتوانرێ هەمان تێڕوانینی بۆ بکرێت؟**

**عوسمان حاجی مارف:** کۆنگرە بەو مانایە سەرکەوتوو بوو، کە باسەکانی گونجاو و ڕۆشن بوون لەسەر ئەو واقعیەتەی ئیستا کۆمەڵگەی کوردستانی پیدا تیپەر دەبێت، سەرکەوتوو بوو بەو مانایە دەچووە سەر تەرحی چۆنیەتی خۆئامادەکرن بۆ ئەو کارانەی پێویستە لە ڕاستای ئەو ئاڵوگۆڕانە و ڕووداوەکاندا بتوانێت دەوری پێشڕەوی و ڕابەری ببێنێت، سەرکەوتوبوو بەو مانایەی لە باری عەمەلیەوە نیشاندانی ئاوێزان بوونی حزب بوو بە بزوتنەوەی کرێکاری و هەنگاونان بۆ شۆڕشی کرێکاری. لەهەمان کاتدا وەک لە قسەکانی پێشتردا ئاماژەم پێکرد لە ڕاستای کارەکانی پرۆسەی خۆئامادەکردنی کۆنگرەدا توانرا دەورێکی ئەرێنی ببینرێت لە پەیوەندی ڕێکخستنەوە و شۆڕو شەوقدان بە ڕیزەکانی حزبمان بۆ ئامادەیی و پێشوازی لە کۆنگرە. هەربۆیە دەتوانم لەلایەنێکەوە بڵێم ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەی ڕێکخستنەوە و توندوتۆڵکردنەوەی حزبە، لە لایەکی ترەوە باسەکانی ناو هۆڵی کۆنگرە و چۆنیەتی ئینسجام لە جەدەل و باسەکاندا ئومێد و شۆڕوشەوقێکی زیاتری بەخشی بە هاوڕێیان. بۆیە گەشبینم بەوەی ئەتوانین لەئایندەیەکی نزیکدا هەنگاوی پێشڕەوانە بنێین و دەستکەوت و سەرکەوتنەکانمان لەناو هاوکێشە سیاسیەکان و ئاوێزانبوون بە ژیان و کێشەو نارەزایەتیەکانی کرێکاراندا زیاتر بەرجەستە دەبێتەوە. بەم مانایەش ئەو پێوەرە ڕێکخراوەییە جێگای دەبێتەوە، کە هەموومان پێکەوە ئومێدبەخش و گەشبین و کارابین.

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە، کۆنگرەی پێنجەم و ئەو بڕیار و بڕیارنامە سیاسی و ئەو گۆڕانکاریە ڕێکخراوەییانەی کە تیدا ڕوویانداوە چەندە دەتوانێ ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم هەڵسوڕانی ئایندەی حزبدا بکاتەوە و حزب هەنگاوبنێ بەرەو ناوەندی کێشمەکێشە سیاسیە گەرمەکانی کوردستان؟**

**عوسمان حاجی مارف:** گەر سەرنج لە زنجیرە باسەکانی کۆنگرە بدەن کە بە شێوەی سەنەد و بڕیارنامە ئامادەکرابون، هەڵبەتە باسەکانیش بڵاودەکرێنەوە، ئەو لایەنە باش دەردەکەوێت کە تەواوی باسەکان لەسەر یەک تەوەر و وەک پاکێجێک تەعبیریان لێ دەکرا و تەواوکەری یەکتر بوون، کە بە بۆچونی من ئەمە خاڵێکی گرنگە لە باسی سیاسیدا، ڕۆشنایی ئەرێنی دەخاتە بەردەم پرۆسەی پراکتیزەکردن و بەدواداچونی حزب بۆ گەشەسەندنی ڕۆڵی پێشڕەوی لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا، ئەوەش دەخاتە بەردەم ڕابەری و کادران و هەڵسوراوانی مەیدانەکان کە بزانن لە پەیوەند بەو باس و بڕیارنامانەوە پێویستە چی بکەن، باسە سیاسیەکانیش بریتی بون لە: "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"، "بڕیارنامە دەربارەی دۆخی سیاسی کوردستان و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری"، "بڕیارنامەی بزووتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی حزب"، "دەعوانامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دژی دەسەڵاتی ٣٠ ساڵەی بۆرژوا- ناسیونالیستی کورد"، "کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە."

گەر سەرنج بدەن ئەم باسانە تەعبیرن لە دەورانێک کە دەیەوێت ئەو هەلومەرجە سیاسی و ناجێگیرە سیاسیەی کۆمەڵگەی کوردستان تێوە ئاڵاوە دەرکێشێتە دەرەرە و وەڵام بە دۆخی هەر ئێستای کوردستان بداتەوە، کە دەبێت بە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانە کۆتایی بە تەواوی ئەو نەهامەتی و کارەساتانە و بارگرانی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی نارازی لە کوردستاندا بهێنێت، کە ٣٠ ساڵ زیاترە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە سایەی ئەحزابی بۆرجوا ناسیۆنالستی کوردیدا بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

ئەمەش بێگومان وابەستەیە بەوەی چ ڕابەری و چ ڕێکخستنەکانی حزب چەندێک ئەو پاکێج و تەوەجوهە بەدەستەوە دەگرن کە لە هەلومەرجی دارزیوی کوردستاندا تەنها و تەنها ئاڵوگۆری شۆڕشگێرانە دەتوانێ بە ئەنجام بگات. ئەمەش پێویستی بە لەمەیداندا بوونی ڕابەری و کەسایەتیە کۆمۆنیستیەکانە کە نیشانی بدەن پێشەنگی کۆمەڵگە ئەو دەموچاوە جیاوازانەی ناو دەسەڵات و نەیارەکانیان نییە، بگرە هاتنەمەیدانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە لە خوارەوە. جوڵە و کردەی سیاسی ئێمە لێرە بەدوا سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی کە ئێمە چەند توانیومانە و دەتوانین ئەو ئاسۆ و تەوەجوهە سیاسیە بەرینە پێشەوە. سەرئەنجام ئەمەش دەبێت بەوە بگات کە کۆمۆنیزم وەک بەدیل و ئاڵوگۆڕپێدەری ئەم دۆخە بێنێتە مەیدانەوە.

★



# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی دیسەمبەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەها نوێنەرانی کۆنگرە کە لە ڕێکخستنەکانی حزب لە شارەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات و بە بەشداری شاندێکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ژمارەیەکی بەرچاو لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و کەسایەتی سیاسی، کە وەکو میوان ئامادەبوون، کۆنگرەی پێنجەمی خۆی بەست.

سەرەتا کۆنگرە بە سرودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزم دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. پاشان هاوڕێ خەسرەو سایە ڕاپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرەی سەبارەت بە چۆنیەتی کاندیدبوون و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی نوێنەرانی، پێشکەشکرد و دواتریش نوێنەرانی ئامادەبووی کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ ئەنجامی ڕاپۆرتەکەیان پەسەند کرد و بەمجۆرەش کۆنگرە شەرعیەتی قانونی وەرگرت.

دوای پەسەندکردنی پەیڕەو و دەستوری باسەکانی کۆنگرە و هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە، وتاری کردنەوەی کۆنگرە لەلایەن هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفەوە پێشکەش کرا، کە تێیدا بەخێرهاتنی نوێنەران و وەفدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و میوانانی کرد و سەرنجی ئامادەبوانی بۆ گرنگی جێگاوڕێگا و گرنگی کۆنگرەی پێنجەم ڕاکێشا و دواتریش لە وتەکەیدا لەسەر لایەنە سەرەکیەکانی دۆخی سیاسی ئێستای کوردستان و عێراق و ناوچەکە ڕاوەستا.

پاشان هاوڕێ سەمیر عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق پەیامی حزبی پێشکەش کرد و پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی لە نوێنەران و سەرجەم ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کرد و لە درێژەی قسەکانیشیدا ئاماژەی بە گرنگی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی لە ئاستی عێراق و کوردستاندا و لەپەیوەند بەو هەلومەرجەوە کرد کە خەباتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش پێیدا تێپەڕدەبێت.

پاشان کۆنگرە چووە سەر دەستور باسەکانی خۆی کە پێکهاتبوون لە:

١/ ڕاپۆرتی سیاسی سکرتێری کۆمیتە ناوەندی.

٢/ مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە.

٣/ بڕیارنامە دەربارەی دۆخی سیاسی کوردستان و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری.

٤/ بڕیارنامەی بزووتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی حزب.

٥/ دەعوانامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دژی دەسەڵاتی ٣٠ ساڵەی بۆرژا- ناسیونالیستی کورد.

٦/ کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە.

٧/ بڕیارەکان....

٨/ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی...

لە یەکەمین دەستوری باسەکانی کۆنگرەدا هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف ڕاپۆرتێکی سیاسی پێشکەشکرد، کە تیایدا بەوردی سەرەکیترین ئەو ڕوداو و ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی خستەڕوو کە لەنێوان دوو کۆنگرەدا ڕوویانداوە و کاریگەری بەرجەستەیان لەسەر دۆخی سیاسی عیراق و ناوچەکە و کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بووە، هاوکات باسی لە ڕوانین و بۆچوونە فەرمیەکانی حزب لە پەیوەند بە هەرکام لەو ڕوداو و مەسەلانەوە، کرد.

لە دەستوری دووەمی کۆنگرەدا بەڵگەنامەی مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە خرایە بەر باسەوە. سەرەتا هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد لە ڕاستای ناساندن و خستنە ڕووی ناوەڕۆک و لایەنە سەرەکیەکانی ئەم

بەڵگەنامەیەدا، قسەوباسێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئەو گرفت و کۆسپانەی لەبەردەم چینی کرێکار و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدایە کرد و پاشان رێگاچارە و ئەڵتەرناتیڤی شۆرشگێرانە و ئەو هەنگاوانەی کە دەبێ لە راستای کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کوردا بگیرێتەبەر خستەڕوو.

دۆخی سیاسی کوردستان و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، دەستورێکی تری کۆنگرە بوو کە لەلایەن هاورێ محسین کەریمەوە پێشکەش کرا، کە تیایدا چووە سەر باسی تایبەتمەندییەکانی دۆخی سیاسی ئێستای کوردستان و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و چۆنیەتی رابەریکردن و ئاسۆدارکردنی ئەم بزووتنەوەیە، بە ئاقاری پێشرەوی و سەرکەوتنیدا.

بزووتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی حزب، بریارنامەیەک بوو کە لەلایەن هاورێ مەهدی رەسولەوە ناسێندرا، هاورێ مەهدی رەسول لە وتەکەیدا باسی لە رۆڵ و ئەرکی حزب لە بزووتنەوەی کرێکاری و ئەو هەنگاوانە کرد کە حزب لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری ئاوێزان دەکات.

دەعوانامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دژی دەسەڵاتی ٣٠ ساڵەی بۆرژاو- ناسیونالیستی کورد، دەستورێکی تری باسەکانی کۆنگرەی پێنجەمی حزب بوو، کە لەلایەن هاورێ عەبدوڵا مەحمودەوە پێشکەش کرا، هاورێ عەبدوڵا مەحمود لە قسەکانیدا باسی لە وێستگە و برگە سەرەکیەکانی کارنامەی ٣٠ ساڵەی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئەو تاوانکاریانە کرد، کە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داوە و لێرەشەوە پێویستی راماڵینی ئەم دەسەڵاتەی کردە ئەرکێکی دەستبەجێی ئازادیخوازان جەماوەری مەحروم.

کۆنگرەی سەراسەری نوێنەرانی شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە دەستورێکی تری کۆنگرە بوو کە لەلایەن هاورێ عەبدوڵا مەحمودەوە پێشکەش کرا و تیایدا کۆنگرەی سەراسەری شوراکانی وەکو ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی میلیشیایی دوای راماڵینی دەسەڵاتی ئێستا و ئەو ئەرکانەی دەکەویتە ئەستۆی خستە روو.

بە دوای ئەو باس و بریارنامانەدا، کۆنگرە چووە سەر کۆمەڵێک بریار کە لەلایەن نوێنەران و کادرانی حزبەوە بە ئاراستەی باشکردنی لایەنەکانی کار و هەڵسورانی حزب پێشنیارکرابوو، لە ئەنجامدا کۆنگرە بەشێک لەو بریارانەی پەسەندکرد و بەهۆی کەمی کاتەوە بەشێکی تری سپارد بە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرە، لەنزیکترین کاتدا، بریاریان لەسەر بدا و بەناوی کۆنگرەوە بڵاویان بکاتەوە. هەروەها لەنێو بریارەکاندا کۆنگرە دانی چەند پەیامێکی پەسەندکرد. لەوانە: پەیام بە چینی کرێکار، پەیام بە گیراوەکانی بادینان، پەیام بە خوێندکاران و ..... هتد.

دوا دەستوری کۆبونەوەکانی کۆنگرەی پێنجەم تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کە هاورێیان (عوسمانی حاجی مارف، دەشتی جەمال، ئالان مارف، خەسرەو سایە، رێبوار عارف، نەغەدە عوسمان، رێبوار ئەحمەد، محسین کەریم، عەبدوڵا مەحمود، بنار مستەفا، جەمال موحسین، سەوسەن سەلیم، فوئاد سادق، ئازاد مەجید، مەهدی رەسوڵ، کامەران لەتیف، مستەفا باهیر، مەحمود حەلاق، ئەحمەد عەلی) وەک ئەندامانی ئەسڵی کۆمیتە ناوەندی و هەروەها هاورێیان "شاباز مەحمود و دانا رەفیق"ی وەکو ئەندامانی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد.

بەم جۆرە دوای دوو رۆژ لە قسەباس و بەشداری نوێنەران و میوانان، کۆنگرە بە وتاری کۆتایی عوسمانی حاجی مارف و بە سرودی ئەنتەرناسیونال کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

دوا بە دوای کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی پلنیۆمی ٢٤ی بەست و لەبەر رۆشنایی پەسەندکردنی ئارایشی تازەی رابەری، هاورێ عوسمانی حاجی مارفی وەکو سکرتێری کۆمیتە ناوەندی هەڵبژارد و هەر یەک لە هاورێیان" ئالان مارف، رێبوار ئەحمەد، دەشتی جەمال، خەسرەو سایە، مەهدی رەسوڵ، فوئاد سادق، جەمال موحسین، عەبدوڵا مەحمود، ئازاد مەجید" وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و هاورێ خەسرەو سایەشی بە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد.

هەروەها لە برگەیەکی تری کارەکانی پلنیۆمی ٢٤ی حزبدا، بریاری راوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی پەسەندکرد و هەریەک لە هاورێیان" جەلال سەعید، مونیر جەبار، محەمەد عەبدوڵا، شاهۆ علی و ئاراس رەشید"ی وەکو راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد. پاشان پلنۆمی ٢٤ ی کۆمیتەی ناوەندی بەپێی بریارێکی پەسەندکراو کاتی بەستنی پلینیۆمی ئایندە و کۆنگرەی شەشەمی حزبی دیاری کرد.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

**ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بێکاری و بێمافی و ئەو ستەمگەریە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی و حکومەت و دەسەڵاتەکەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کەڵکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایانگرتووە، ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن خودی خەڵکی کوردستانەوە.**

# گوزەرانی خەڵک و پرسی موچەو خزمەتگوزاریەکان!!

مەهدی ڕەسوڵ

ژیان وگوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان هێندە ئاڵۆزە، گرانە کەسێکی چاودرێژ بتوانێ لەسەر تەواوی کێشەو مەعاناتی خەڵکی ئەم وڵاتە قسەبکات. هەرکەسەو لەروانگەی خۆیەوە سەیریدەکاو قسەدەکات. من دەتوانم هەروا سەرەقەڵەمەکانی ئەوکێشانە بەیان بکەم کە وەک نەخۆشیەکی درێژخایەن ماوەی زیاتر لە٣٠ساڵە بەرۆکی بەشی زۆری خەڵکی کوردستانی گرتووەو بێ چارەسەر ماونەتەوە.

کێشەی کارەبا، کێشەی کەم ئاوی، کێشەی بێکاری، کێشەی خزمەتگوزاری گشتی، کێشەی گرانی داودەرمان و پێداویستی رۆژانە، کەمبونەوەی خزمەتگوزاری تەندورستی خۆرایی، کێشەی پەروەردە، دەرکردنی کرێکار لەسەر کارەکانیان... ئەمانە کۆمەڵێک کێشەن کە بۆچینی کرێکار بۆتە بارگرانیەک و ژیانی کرێکاری سەخت کردووە. کرێکارێک کە مانگانەکەی ناگاتە ٥٠٠هەزاردینار و مانگانە دووجارپارەی کارەبا بدات، جارێک پارەی مولیدە و جارێکی تریش پارەی کارەبای رەئیسی، ئەمە بۆدەستەبەرکردنی ئاویش هەروایە، بەتایبەت لەهاویندا کاتێک کە پێویستی بەئاوی زۆرتردەبێ ونۆرە ئاوەکەش هەندێ دوادەکەوێ، دەبێ ئاو بەتەنکەر بکرێت.

بێکاری لەهەموو کێشەکان خراپترە. بەشێکی زۆر لەخەڵک بێکارن و خاوەن خێزانن وهیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە و دەبێ هەم کارەباو هەم ئاوو گشت پێداویستیەکانی ژیانیشیان هەبێت. بەشێک لە گەنجان ئەوانەی کە خوێندیان تەواوکردووەو لەچاوەروانی ئەوەدان دایان مەزرێنن یان کارێکیان دەست ناکەوێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەهەرێمی کوردستان حوکمەت بیمەی بێکاری بە خەڵکی بێکار نادات. کێشەی خزمەتگوزاری گشتی بەتایبەت پاک راگرتنی شارو گەرەک کە سەردەمانێک حوکمەت خۆی تێچوی پاکردنەوەی دەگرتە ئەستۆ، لەئێستادا سەرەرای ئەوەی مانگانە برەپایەک لە خەڵک وەردەگرن بەڵام هێشتا ئەو خزمەتگوزاریە وەک پێویست دابین نەبووە. ئەوکۆمپانیایانەی کە کاریان لەحوکمەت گرتۆتەوە پارەی کرێکارنادەن بەبیانوی ئەوەی حوکمەت پارەیان بۆسەرف ناکات. پێش هاتنە سەرکاری حوکمەتی هەرێمی کوردستان بەشە خۆراکی مانگانە دەدرا بە خەڵک کە دەیتوانی بەشێک لە پێداویستیەکانی رۆژانەیان پربکەنەوە و جۆری کوالیتی باش بوو. زیاد لە٣٠ساڵە ئەو بەشە خۆراکە کە بەبایعیەکە ناسراوە، نەما و ناشڵێن هۆکاری چییە ئێستا وای لێهاتووە. کەس نازانێت ئەو برە خوراکەی وەریدەگرن هی کام مانگەو دەبێ چەند بدات بە بایعەکە. پەروەردەو خوێندن لەدروستبونی دەوڵەتی عێراقەوە تا ساڵەکانی ٩٠ یش لە باخچەی ساوایانەوە تاکۆتایی خوێندنی زانکۆ، دەوڵەت خۆی دەستەبەری هەمووشتێکی دەکرد، بەڵام ئێستا لە باخچەی ساوایانەوە تا کۆتایی خویندنی زانکۆ خەریکە بەتەواوی دەبێت بەپارە. ئەم کێشانەو دەیان کێشەی تری وەک خراپی رێگاوبان کەرۆژانە دەبێتە هۆی روداوی دڵتەزێن و خەڵکانێک گیان لەدەست دەدەن وخەڵکانیکیش دەبنە کەمئەندام.. زۆربەی ئەم کێشانە بەرۆکی بەچینی کرێکارو خەڵکی کەمدەرامەت گرتوە و سەرمایەداران و دەوڵەمەندانیش لە ژیانی شاهانەدا ژیان بەسەر دەبەن.

ئەم کێشانە لەکاتێکدایە حوکمەت لەساڵی ٢٠١٣ وە بەبیانوی چاکسازیەوە هەم بەشێک لە فەرمانبەران و کرێکاران، ئەوانەی لەسەرمیلاکی حکومەتن و لە دامودەزگاکانی حوکومەتدا کاریان دەکرد، یان خانەنشین کراون بەموچەیەک کە زۆرلەوە کەمترە بتوانێت پیی بژی، یان لەوشوێنانەی خۆیان گوازراونەتەوەو دائیرەکانیان هەڵوەشاندۆتەوە. هاوکاتیش بەبیانونی قەیرانی ئابوریەوە بەشێوەی جۆراوجۆر دەستیان بردووە بۆ موچەو لێیان برپیوە یان پاشەکەوتیان کردووە. ئەم کێشانە سروشتی نین و سەرچاوەکانیان دەسەڵات و حوکمەتە. نیشانەی ئەوەیە کە ئەم دەسەڵات وسیستەمە سیاسیە ناتوانێت ئیدارەی خەڵک بکات وە یا نایکات. جیاوازی چینایەتی بەجۆرێکە بەشی هەرەزۆری خەڵک کە چینی کرێکار پێکدەهێنێ، ناتوانن ژیانێک دەستەبەر بکەن بۆ خۆیان شایستە بێت. بەشێکی کەمیش کە خاوەنی دەسەڵاتن، هەرچی سەروەت وسامانی سەرزەوی وژێرزەوی هەیە زەوتیان کردووە.

خەڵک بەرێگای جۆراجۆر هەوڵی داوە کە لەرێگای داخوازیەوە وەڵام بەکێشەو مەعاناتەکانی بدەنەوە لەو پێناوەدا سەدان کەس بوونەتە قوربانی و بەناحەق ژیانیان لەدەست داوە یان لەگۆشەکانی زیندان ژیان بەسەردەبەن.

تادێت کێشەکان زیاتردەبن، تاوانکاری ودیاردە ناشیرینەکان زیاد دەکەن. ئەم وەزعیەتە بەجۆرێکە بەشێک لەوانەی کە بەهەرشێوەک شتێکیان کۆکردبێتەوە دەیکەنە پارەو سەری خۆیان هەڵئەگرن و رووەدەکەنە رێگای هاتونەهات و ئەوانەش کە لەدەسەڵاتن توانجیان لێدەدەن .

ئێستا خەریکە زۆرێک لەخەڵک چیتر چاوەروانی ئەوەنین کە ئەم حوکمەت ودەسەڵاتە کۆتایی بەکێشەو مەعاناتەکانیان بهێنێت. سەرباری ئەوەی نارەزایەتیەکان بەردەوامن و هەررۆژەو لەلایەک و بۆشتێک خەڵک دێتە سەرجادەو ماندەگریێ و کاررادەکرێ.

لەکوردستان کێشەی هەرەگەورە کە سەرچاوەی هەمو ئەو کێشانەن کەئاماژەمان پێدان، ئەم سەرگەردانیە سیاسیەیە کە ئەحزابی دەسەڵاتدار تێیکەوتون و ناکۆکیەکانی ناوخۆیان لەهەرێمی کوردستان و ناکۆکی ئەم حزبانە لەگەڵ دەسەڵات و حوکمەتی مەرکەزی ، کە هەر رۆژەو بەبیانویەک ولەسەرشتێک کە راستەوخۆپەیوەندی بە بەرژەوەندی خۆیانەوەیە، کێشە دەکەوێتە نێوانیان و بەوهۆیەشەوە موچە دوادەخەن و ساتوسەودا لەسەر قوتی خەڵک دەکەن .

بۆیە باشکردنی ژیانی خەڵک و کۆتاییهێنان بەکێشەکان بەندە بە کۆتاییهێنانی ئەم جۆرە لەسیستەمی سیاسی و وەرگرتنەوەی دەسەڵات لەم حزبانەو دامەزراندنی سیستەمی شورایی کە تێیدا خەڵک خۆی مەرجەعە، خۆی یاسادانەرە، خۆی راستەوخۆ بەرێوەبەری کۆمەڵگایە. ئیتر کێشەی ئاو کێشەی کارەبا، کێشەی پەروەردە، کێشە سوتەمەنی، کێشەی بێکاری وهەر کێشەیەک کە هەیە خەڵک خۆی چارەسەری دەکات. دەسەڵاتی خەڵک یەعنی کۆتاکردنی دەستی ئەوانەیە کە بێکارت دەکەن، بێ نان و گوزەرانت دەکەن و بێ موچەو حەقدەست کارت پێدەکەن .

بۆپێشەوەبەرەو کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی ئەحزابی بۆرجوازی حاکم و ئەوسیستەمە سیاسییەی کە خەڵکیان پێ دیل کردووە....

★

# لافاوەکەی هەولێر و بێدەربەستی دەسەڵات!

## جەمال موحسین

سەرباری هەژاری و بێدەرەتانی و چەندین دەرد و بەڵا، ئەمجارە مردنی خەڵکی هەژار بە لافاو کسپەی لە دڵی کۆمەڵگەکەمان هەستاند. لافاوی ئەم دواییە و مەرگی چەند کەسێک چەند مەسەلەی بەرجەستە کردەوە. یەکێکیان جارێکی تر و هێندەی تر تورەیی و نەفرەتی خەڵکی بێبەشی بەرامبەر دەسەڵاتداران زیادکرد. لەلایەکی تریشەوە بێتوانایی و بێباکی ئەو دەسەڵاتەی بەرامبەر بە ژیانی خەڵک دەرخستەوە.

٣٠ ساڵە ئەم دەسەڵاتە نەگریسە کە هی چینی دارا و سەرمایەدارانە خەڵکی کوردستانی خستۆتە ڕۆخی فەنابوون. دەستی بەسەر سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا گرتووە. خۆیانی نوقمی پارە و خۆشی و کۆشک و ڤێلا لەناو کوردستان ودەرەوەیدا کردووە و لەملاشەوە خەڵکی دەستەنگ و بێبەشی هێندەی تر بە ناخی نەبوونی و هەژاری و کرێچێتی و دەیان دەرد و بەڵای تردا بردۆتە خوارەوە. دەیان شەڕی ناوەتەوە و ئاگرەکەی ئازیزانمانی سووتاندووەوە. شەڕ ئەبێ، ڕۆڵەی هەژار تێدا ئەچن و بۆ ئەوانیش ئەبێتە خێر و خۆشی و بازرگانی. نەخۆشی بڵاوئەبێتەوە، بۆ ئەوان ئەبێتە سەرچاوەی پارە و سامان، لەکاتێکدا ژیانی هەزارەها خەڵکی دەستەنگ ئەهاڕێت. کارەساتی سروشتی ڕووئەدات بۆ ئەوان ئەبێتە خێر و لەژێر ناوی "خێر وسەدەقە"دا بەشێک لەو پارە و کۆمەکەی بە ناوی خەڵکەوە دێتە دەستیان دابەشی ئەکەن و ئەو باقیەکەی تری خۆیان ئەیدزن... سووتەمەنی نابێ، هەر باجەکەی خەڵکی هەژار ئەیدات. ئاو نابێ، خەڵک ئەخنکێ، ئاو زۆر ئەبێت یان لافاو هەڵئەستێت، هەر خەڵک ئەخنکێ... لە یەک ڕستەدا هەر خودی بوونی ئەم دەسەڵاتە بەڵا گەورەکەیە بەسەر سەری خەڵکەوە!

لافاوی ئەم دواییەی شاری هەولێر و دەوروبەری کە بووە مایەی خنکانی چەند کەسێکی تر، جارێکی دیکە ئەو ڕاستیەی دوپات کردەوە کە ئەم دەسەڵاتە تەنانەت لە دروستکردنی خانوبەرە و وەبەرهێناندا کە زۆر خۆیانی پێوە بائەدەن، تەنها و تەنها سود و قازانجی خۆی لەبەرچاوە نەک سەلامەتی و پارێزراوی ژیانی خەڵک. نمونەیەکی زۆر سادەی دروستکردنی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر و دەوروبەری و شێوازێکی ئەندازیاری پەڕپوت کە لە دروستکردنی شوقەکانی نیشتەجێبوونی هەژاراندا بەکارهاتوە ئەو ڕاستیە دەرئەخات. ئاخر ئەوان زەوی و زاریان بۆ داگیرکردنە نەک پڕۆژەیەک کە ببێتە مایەی سەلامەتی و دابینبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوە. هەربۆیە کاتێکیش کارەساتێکی وەک لافاوەکە ڕووئەدات، بە پەلەپروسکێ ئەکەونە خێردابەش کردن لە پارەیەک کە خۆیان لە خەڵکیان دزیوە و میدیاکانیشیان ئەکەونە بڵاوکردنەوەی فریوکاری تاکو فەزاحەتی ئەوەیان بشارنەوە کە خۆیان بەرپرسن لەوەی چەند ساڵە حسابێکیان بۆ چاککردنی ئاو و ئاوەڕۆی شار و شارۆچکەکان نەکردووە و نایکەن...

ئەتوانین بە سەدەها تاوان لەسەر ئەم دەسەڵاتە بژمێرین کەسەرەنجام تاکە ئەنجامێک پێی بگەین ئەوەیە کە ئیتر مافی مانەوەی نەماوە. مەحکومیەتی ئەم دەسەڵاتە لای خەڵکی بێبەش گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی کە ئیتر لەبەرامبەر لافاوی نەهامەتی و نەگبەتیدا، تورەیی و بێزاری خەڵک ببێتە زریانێکی شۆرشگێڕانەی ئەوتۆ کە ئیتر ئەم دەسەڵاتە ڕامالێت و کۆشک و تەلاریان بکاتە وێرانە. لەسەر داروپەردوی ئەم وێرانەیەشیان دەسەڵاتی بنیاتنراو لەسەر ئیرادە و بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش دابمەزرێنێ. زریانی ئێمە بۆ کۆتایی هێنانە بە سەرچاوەکانی ئەو بەڵایانەی تا ئێستا بەسەر کۆمەڵگەکەمان هاتووە.

★

**ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن.. ئیتر نۆرەی دەسەڵاتداریتی جەماوەریە!**

**نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان**

دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە: www.hkkurdistan.org


**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

فاییەر: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com


**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر :**موحسین کەریم**

فاییەر: 00964(0)7700475533

Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com